# ل دونادا وو س نام ان بوار ب

له عبداللهى كوڕى عومه‌ره‌وه -ڕه‌زاى خوايان لێبێت- ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌رى خودا -صلى الله عليه وسلم- شانه‌كانمى گرت وفه‌رمووى: «له دونيادا وه‌كو كه‌سێكى نامۆ يان ڕێبوار به». وئيبن عومه‌ر ده‌يووت: «ئه‌گه‌ر ئێواره‌ت به‌سه‌ردا هات ئه‌وا چاوه‌ڕێى به‌يانى مه‌كه، وئه‌گه‌ر به‌يانيت به‌سه‌ردا هات ئه‌وا چاوه‌ڕێى ئێواره مه‌كه، وئه‌وه‌نده كرده‌وه‌ى چاك بكه له كاتى له‌ش ساغيتدا بۆ ئه‌وه‌ى سوودى بۆت هه‌بێت بۆ كاتى نه‌خۆش بوونت، وئه‌وه‌نده كرده‌وه‌ى چاك بكه له كاتى ژيانتدا بۆ ئه‌وه‌ى سوودى بۆت هه‌بێت بۆ كاتى مردنت».

[صه‌حيحه] [بوخارى گێڕاويه‌تيه‌وه]

ئيبن عومه‌ر -ڕه‌زاى خواى لێبێت- ده‌يگێڕێته‌وه كه پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- سه‌رى شانه‌كانى گرت وپێى فه‌رمو‌و: له دونيا وه‌كو نامۆ به، كه دێت بۆ وڵاتێك كه ماڵى نييه تێيدا بمێنێته‌وه، وكه‌س نييه هاوه‌ڵى بێت، ودووره له خێزان ومنداڵ وكه‌سوكارى؛ كه هۆكارن بۆ سه‌رقاڵبوون ونزيك نه‌بوونه‌وه له الله وه‌كو پێويست، به‌ڵكو له نامۆ زياتر به ئه‌ويش بريتيه له ڕێبوار كه به ڕێگايه‌كدا تێده‌په‌ڕێت بۆئه‌وه‌ى بگاته نيشتمانه‌كه‌ى؛ چونكه كه‌سى نامۆ -بيانى- له‌وه‌يه له وڵاتێكى بيانى بژى وتێيدا بمێنێته‌وه، به‌پێچه‌وانه‌ى ڕێبوار كه ده‌يه‌وێت بگاته وڵاته‌كه‌ى، بۆيه شتومه‌كى كه‌مى پێيه وناوه‌ستێت، چونكه به‌په‌رۆشه له‌سه‌ر زوو گه‌يشتن به وڵاته‌كه‌ى، هه‌روه‌كو چۆن گه‌شتيار پێويستى به شتومه‌كى زياتر نييه له‌وه‌ى گه‌شته‌كه‌ى پێ ته‌واو ده‌كات، به‌هه‌مان شێوه ئيماندار له دونيادا پێويستى به شتى زياتر نييه له‌وه‌ى ده‌يگه‌يه‌نێته شوێنى مه‌به‌ست. ئيبن عومه‌ر كرده‌وه‌ى به‌م ئامۆژگاريه كرد وده‌يووت: ئه‌گه‌ر به‌يانيت به‌سه‌ردا هات ئه‌وا چاوه‌ڕێى ئێواره مه‌كه، وئه‌گه‌ر ئێواره‌ت به‌سه‌ردا هات ئه‌وا چاوه‌ڕێى به‌يانى مه‌كه، وخۆت به يه‌كێك له‌و خه‌ڵكانه دابنێ كه له نێو گۆڕه‌كاندان، چونكه له ژياندا ته‌ندروست باشى ونه‌خۆشى هه‌يه؛ بۆيه له كاتى ته‌ندروست باشيدا په‌رستن ئه‌نجام بده بۆ كاتى نه‌خۆشيت، وكرده‌وه چاكه‌كان ئه‌نجام بده له‌كاتى له‌ش ساغيتدا پێش ئه‌وه‌ى نه‌خۆشى بێته نێوان تۆ وكرده‌وه چاكه‌كان، وژيانى دونيا به‌هه‌ل بزانه، وئه‌وه‌ى تێدا كۆ بكه‌ره‌وه كه سوودى بۆت ده‌بێت له‌پاش مردنت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4704

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee